سەید حەکیم : باشکردن و پارەدارکردنی لاوان کۆڵەکەیەکی گرنگی قۆناغی داهاتووە و فرەیی ئابووریش بنچینەی سەقامگیری نیشتمانییە

ammaralhakeem.com

لەدیوانی بەغدا بۆ نوخبەی ئەکادیمیاکان، سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ستایشی لاوان عێراقی کرد و بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی چالاکی گەلی عێراقی وەسفکرد، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە ڕاهێنان و ئامادەکاری و شیاندن و پارەدارکردن بۆ ئەو چینە هەبێت و نموونەی زۆر هەن لەم شێوەیە ئێستا کەسایەتی گەورەیان لێ دروست بووە و رۆلی گەورەیان هەیە و بڕوایان بە تواناکانی خۆیان هەیە.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی هەر لەسەرەتادا بە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی لاوان لەسەر بنەمای گەنجان و سەرکردایەتییەکی گەنج دامەزرا و ئاماژەی بەوەدا کە لاوان دوو لەسەر سێی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە و مەکتەبی سیاسی پێکدەهێنن و متمانەی خۆی بەو ڕێگایە دەربڕیت و تەئکیدیشیکردەوە کەسەرکەوتنی لاوان لەڕەوتی حیکمە لەهەموو شوێنێکدا لێهاتوویی و توانایان دەسەلمێنێت.

هەروەها هیوای خۆی دەربڕی کە سەرۆک وەزیرانی دیاریکراو بەڕێز عەلی زەیدی ڕۆڵێکی گرنگ و چالاک ببینێت لەخزمەتکردنی عێراقدا و ئاماژەی بەوەشکرد کە قۆناغی پێشوو سەرکردەکانی بەخۆوە بینیوە کە لە تەمەنی ناوەندیدا لێهاتوویی خۆیان سەلماندووە.

لەسەر ئاستی ناوچەکە سەید حەکیم ئاماژەی بەو هەلومەرجە نائاساییە دا کە لە ناوچەکەدا لە شەڕی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدی دەکرێت و توانا سەربازی و تەکنەلۆژیاییەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، سەماحەتی حەکیم ستایشی دیاردەی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەستەڵاتی لە عێراق کرد و گوتی ئەوە شتێکی نایابە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش، پیشتر هەمیشە سەرۆکی پێشوو چارەنووسی یان زیندانی یان کوشتن و لەسێدارەدان دەبوو، بەڵام ئێستا ئاسایی دەگۆڕێتەوە شوێنی پێشتری خۆی.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە لەوتاری جەژنی ڕەمەزاندا ئاماژەی بەپێویستی کۆتاییهێنان بەو بنبەستە سیاسییە کردووەتەوە و پشتیوانی بزووتنەوەی حیکمەتی نیشتمانی بۆ هەر ڕێگایەک کە یارمەتیدەر بێت لەخزمەتکردنی وڵات و گەلی عێراقدا دووپاتیکردەوە.

هەروەها سەید حەکیم باسی لە سروشتی سیستەمی پەرلەمانی کرد و ڕوونیکردەوە کە سیستەمێکی کوتلە کە تیایدا خەڵک دەنگ بە کوتلە سیاسییەکان دەدەن و ئەو کوتلەی نیوەی کۆی یەک بەدەست دەهێنێت حکومەت پێکدەهێنێت. هەرچەندە سروشتی دۆخی عێراق تا ئێستا هیچ کوتلەیەک ئەو زۆرینەیەی بەدەست نەهێناوە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر سەرۆک وەزیران لەنێو کوتلەکاندا کارێکی سروشتییە و لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێت و چاوەڕوانی گەیشتن بە قۆناغی کوتلەکە دەکات کە زۆرینەی نیوەی کۆی یەک لەخۆ دەگرێت...

سەید حەکیم هۆشداری دا لە پشت بەستی زیاد لە پێویست بە نەوت وەك سەرچاوەی سەرەکی داهات لەسایەی ڕووداوەکانی ئێستا و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و داوای کرد کەرتەکانی پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای نوێ بە شێوەیەکی باش ئەکتیف بکرێت، لەبەر ئەوەی داهاتی نەوت زیاتر بە ئاوەدانکردنەوە و مووچە دەڕوات.

سەید حەکیم لە کۆتایی قسەکانیدا جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەجووڵە خستنی کەرتی تایبەت و پاڵپشتی کردنی بە ئەوەی هەلی کار دابین بکات و فشار لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت کەم بکاتەوە، هەروەها هیوای خواست حکومەتی زەیدی بتوانێت کەرتەکانی بەرهەم هێنان بەجووڵە بخات و لە بیروکراتیەت دووریان بخاتەوە.

لەدواین قسەی بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی کامڵ بوونی نوخبە لەگەڵ دروستکەری بڕیار و گوتیشی ئەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی دیدێکی واقیعی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی گونجاو و بەستنەوەی بەرژەوەندییەکانی عیراق بەهەمووان.